**هاونیشتمانانی بەڕێز..........**

**هەر وەك هەمو لایەك ئاگادارن دوژمنانی ئازادی و دیموكراسی لە باشوری كوردستان ، لە هەر هەلێك كەبۆیان هەڵبكەوێت دەیانەوێت ئاژاوەو نائارامی لە ناوچەكەدا دروست بكەن و بە كـــارە تێرۆریستیەكانیان ، ترس بخەنە نێو كۆمەڵگای كوردەواریەوە.**

**ئەو تاقمە تێرۆریستانە كە بەناوی پیرۆزی ئاینی ئیسلام كارە نامرۆڤایەتیەكانیان بەڕێوە دەبەن ، لە رۆژی یەكشەممە بەرواری** 2004/2/19 **سێ لاوی كوردی خەڵكی زاخۆ لە نزیك شاری موسڵ ،دور لەهەر پێوەرێكی مرۆڤایەتی دەست بەسەر دەكەن و ، پاشان سەریان لە لەشیان دەكەنەوەو شەهیدیان دەكەن .**

**ئێمە وەك كۆمیتەی هاوكاری هێزە سیاسیەكانی كوردو كوردستان لە وولاتی سوید ، ئەو كـــارە تێرۆریستیانەو هەمو كـاریكی تێرۆریســـــتـــی تر لە كوردستان و جیهاندا ریسوا دەكەین ،خەم و پەژارەی خۆمان بە بنەماڵەی ئەو سێ شەهیدەو خەڵكی خۆڕاگری شاری زاخۆ ڕادەگەیەنین و هاو بەشی خەمیان دەكەین.**

**داخـــــــوازیـــــن كە هاونیشتمانان بە هوشیـاری و چالاكـــانە بۆ ناساندن و پوچەڵ كردنەوەی ئەو كـارە تێرۆریستانە یارمەتی دەری دامو دەزگا ناوخۆییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بن و دوای ناساندن و پەردە هەڵدانەوە لەسەر بكەرانی ئەو كــارە دژە مرۆڤایەتیانە ، بە پێی یاسا مـــامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت........**

**كــــــــۆمیتەی هـــاوكـــاری**

**هــــێزە سیاســـیەكانی كــــــوردو كـــــوردســـــتان**

**ســــــــویـــــد**

2004/9/20